



# ستایلەکانی

# گرافیک دیزاین

بی گرافیک

بەهەمەن گرافیک

پێشەکی ........ 03
سێ ڕەهەندی ........ 04
ئەبستراکت ........ 06
کەمکردنەوە ........ 08
وێناکاری ........ 10
مێینە ........ 12
فلات ........ 14
کۆمیدی ........ 16
ئەندازەیی ........ 18
گرەنج ........ 20
خۆشگوزەرانی ........ 22
ڕونکردنەوەیی ........ 24
نێرینە ........ 26
ئەندامی ........ 28
ڕاستەقینەیی ........ 30
کۆمپانیا ........ 32
تایپۆگرافی ........ 34
دێرین ........ 36

## پێشەکی

یەکێک لە ئاسانترین ڕێگاکان, بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی باشر لە نێوان دیزاینەر و کڕیار بریتییە لە دیاریکردنی ستایلی پرۆژەی دیزاینەکە، لێرەدا ڕێبەری دیارترین ستایلەکانی دیزاینی بینراو خراوەتە ڕوو وەک سەرچاوەیەک بۆ دیزاینەران و کڕیاران.

دەتوانیت یاری بە ستایلەکان بکەیت و لەگەڵ یەکتر تێکەڵیان بکەیت بۆ نمونە دەمانەوێت ستایلی کۆمیدی دروست بکەین لە تێکەڵ کردنی ستایلی ڕونکردنەوەیی و ستایلی فلات، یان دروستکردنی لۆگۆیەکی خۆشگوزەرانی لە تێکەڵکردنی ستایلی دێرین و نێرینە.

ئەم ڕێبەریەی ستایلە جیاوازەکان یارمەتیدەرێکی باشی گرافیک دیزاینەرانە بۆ دەرئەنجامێکی باشتر لە پرۆژەی دیزاینەکە و گونجاندنی دیزاینەکە لەگەڵ بەرهەم و براندی کڕیارەکە، پێویستە لە هەنگاوەکانی پرۆسەی گرافیک دیزایندا پیشانی کڕیار بدرێت، ستایلەکان بە پێی کات بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێت و لە نوێبونەوەدان، لەسەدەی ڕابردوودا چەندەها قوتابخانە و ستایلی دیزاین بوونی هەبووە و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی دیزاینی ئەم سەردەمە بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت.

لێرەدا وشەی کلیلی دانراوە تاوەکو گرافیک دیزاینەر لەکاتی گەڕاندا بتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ وەرگرتنی ئیلهام لەو دیزاینانەی لەسەر ئەو جۆرە ستایلە کراون، وە پێویستە گرافیک دیزاینەر ئاگاداری ئاڕاستە(Trend)ە نوێکانی گرافیک دیزاین بێت کە ساڵانە بەردەوام تازەدەبنەوە و گۆڕانکاری بەسەردادێت و دەتوانرێت بەهۆیەوە بیرۆکەی نوێ لە ستایلەکاندا بەکاربهێندرێت یان ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ستایلی نوێ.

لێرەدا سەرەکیترین ستایلە نوێکانی گرافیک دیزاین خراوەتە ڕوو:

# 01 | ستایلی سێ ڕەهەندی

کاری دیزاینی سێ ڕەهەندی وێناکردنێکی پێچەوانەی دیزاینی تەخت(فلات) پیشان دەدات و جیادەکرێتەوە بە وێناکردنی قەبارە و بارستە، وەها دەردەکەوێت بۆشاییەک داگیربکات، دیزاینی سێڕەهەندی بەزۆری بۆ دروستکردنی دیزاینی(skeuomorphic) بەکاردێت کە مەبەست لێی شتێکە ڕاستەقینە دەربکەوێت.



3D

### تایبەتمەندی:

- وێناکردنی قوڵی و قەبارە.
- بەکارهێنانی کاریگەریی ڕوناکی و سێبەری یەک ڕەنگ.


### به باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :


- Abstract
- Fun and playful
- Grunge
- Illustrated
- Masculine

### وشەی کلیلی:

- Perspective
- Skeuomorphism
- Shadow
- Video games
- App design

# 01 | سێ ڕەهەندی






Abstract

# 02 | ستایلی ئەبستراکت

ستایلی ئەبستراکت دروستکردنی کارێکی هونەرییە بەشێوەیەک سەربەخۆ بێت لەوەی لە ژیانی ڕاستەقینەدا بوونی هەیە و بە ئاسانی نەناسرێتەوە، ئەم جۆرە ستایلە بە تێکەڵکردنی کۆمەڵێک ڕەنگ، شەیپ، هێڵ بەدەست دێت و بەشێوەیەکی گشتی لەسەربنەمای لێکدانەوەی تاکەکەسی دیزاینەر یاخود کڕیار یان هەردوکیان دەبێت.

### تایبەتمەندی:

- دەربڕینی ناڕونی چەمک و تەن.
- بانگەشە کردن بۆ لێکدانەوەی تاکەکەسی.


### بە باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :


- 3D
- clean and minimalist
- fun and playful
- geometric
- organic and natural
- professional / corporate

### وشەی کلیلی:

- Colorful
- artistic
- logo design
- illustration

# 02 | ئەبستراکت






## Minimalist

# 03 | ستایلی کەمکردنەوە/ خاوێن

بریتییە لە ستایل و تەکنیکێک کە تایبەتمەندە بە سادە و ساکاریی و کار لەسەر کەمکردنەوەی توخمەکانی ناو دیزاین دەکات، پێچەوانەی بەکارهێنانی ڕازاندنەوە و ساتیلی زۆرە لەناو دیزایندا و شێوازێکی سادە بەجێدەهێڵێت لە گەیاندنی پەیامدا.

### تایبەتمەندی:

- بەکارهێنانی ڕەنگی کەم و کەمکردنەوەی هەرشتێکی ناپێویست.
- لەوانەیە بە هێڵی ناجێگیر یان ڕێک بەدەست بهێنرێت (هونەری هێڵکاری).
- پێچەوانەی دیزاینی ئەبستراکتە.


### به باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :


- Abstract
- Eminine
- Flat
- Geometric
- Professional/ Corporate
- Luxurious


### وشەی کلیلی:

- Simple
- Line art
- Negative Space
- Flat design

# کەمکردن/ خاوێن | 03















Conceptual art

# 04 | ستایلی هونەری وێناکاری

زۆر جار بە بەشێکی لاوەکی وێنەی ڕونکردنەوەیی دادەنرێت، ئەویش لەوێنایەکی مەجازی بۆ بیرۆکەیەکی بینراو پێکدێت، یان بە بەشی خەیاڵی وێنەی ڕونکردنەوەیی دادەنرێت، لێرەدا گرنگ نییە لایەنێکی ڕاستەقینەی تەنێک پیشانبدرێت کە دوای وێناکردەکە دروست دەکرێت.

### تایبەتمەندی:

- لەوانەیە هەندێ توخمی ڕاستەقینە لەخۆ بگرێت.
- لێکدانەوەی تایبەت و خودیی دیزاینەر بۆ ئەو تەنەی دواتر دروستی دەکات.

### بە باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :

- هەموو ستایلەکان




### وشەی کلیلی:

- Illustration
- drawing
- abstract

# 04 | هونەری وێناکاری





# 05 | ستایلی مێینه/ ناسک

پێچەوانەی دیزاینی نێرینەیە، ئەم ستایلە بەوردیی لە سەرنجڕاکێشانی سەرنجی مێینە جیادەکرێتەوە وەک بەکارهێنانی: ڕەنگی ناسک، زەخرەفەی گوڵ، نوسینی نەخش دار.

MY DAILY DAZE
SINEAD O GRADY

## Feminine

### تایبەتمەندی:

- بەکارهێنانی فۆنتی ناجێگیر و بەیەکەوە لکاو (script font).
- بەکارهێنانی ڕەنگی پاستیل یان سێبەری ڕەنگی سور وەک( پەمەیی، مۆر، سوری ئەرخەوانی).
- بەکارهێنانی ڕوخساری ئافرەت، گوڵ، بابەتی فاشیۆن وەک: سوراو و پێڵاو


### به باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :

- Clean and minimalist
- Flat
- Illustrated
- Luxurious
- Organic and Natural
- Typographic

### وشەی کلیلی:

- Flower
- cosmetic
- pastel
- fashion
- love
- beauty

# 05 | مێینه/ ناسک





Flat

# 06 | ستایلی فلات ( تەخت)

ئەم ستایله بە جۆرێکی لاوەکی دیزاینی مینیمالیست دادەنرێت، ژمارەیەکی کەم لە ڕەنگ و سێبەری ڕەنگ بەکاردەهێنێت لەپێناو بینینێکی جوان و سەرنجڕاکێش، هەندێ جار گرادێنت و سێبەر ڕاستەقینە بەکاردەهێندرێت و پێی دەوترێت دیزاینی نیمچە فلات یاخود جیاواز لە دیزاینی تەخت کە بریتییە لە دیزاینی (material).

**تایبەتمەندی:**

- بەکارهێنانی ڕەنگی کەم.
- نەبوونی کاریگەریی سێبەری ڕاستەقینە.


**بە باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :**


- Clean and minimalist
- Feminine
- Geometric
- Luxurious
- Typographic
- Vintage / Retro

**وشەی کلیلی:**

- Clean
- Infographic
- Minimalist
- Line art
- Illustration
- App design

# 06 | فلات ( تەخت)







FOX LOGO
TAGLINE




dunami
Business Proposal


COMPANY
SLOGAN GOES HERE
WWW.COMPANY.COM
KARINA ANDERSON
INDUSTRIAL ENGINEER




# 07 ستایلی کۆمیدی / سەرگەرمی

ئەم جۆرە ستایلە بەشێوەیەکی ئاسایی تێڕوانینێکی نافەرمی دەدات و ڕەق نییە، بەزۆری بۆ دروستکردنی کارەکتەری کارتۆنی بەکاردێت، دەکرێت هێڵکاریەکی ناڕاستەقینە یاخود نیمچەڕاستەقینە بێت، لە دیزاینی منداڵاندا بەشێوەکی زۆر بەکاردەهێندرێت.

## Fun/ playful

### تایبەتمەندی:

- لەوانەیە بە کارەکتەرێکی کەسی یان ئاژەڵی جیابکرێتەوە.
- بەکارهێنانی شێوازی ڕەنگاو ڕەنگ و منداڵانە.
- لەوانەیە توخمی خەیاڵی لەخۆ بگرێت.


### بە باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :

- 3D
- Abstract
- Illustrated
- Organic and Natural
- Typographic
- Vintage / Retro

### وشەی کلیلی:

- Humor
- Mascot
- Design
- Character Design
- Kids
- Caricature
- Cartoon Animal

# 07 | کۆمیدی / سەرگەرمی



# 08 | ستایلی ئەندازەیی

لە بیرۆکەی ئەندازەییەوە سەرچاوە دەگرێت، جیادەکرێتەوە بە بەکارهێنانی هێڵ و شکڵی ڕێک، دیزاینێکی نمونەیی ئەندازەیی (چوارگۆشە، لاکێشە، سێگۆشە) لەخۆ دەگرێت.




## Geometric

### تایبەتمەندی:

- یەکگرتنی هێڵی ڕێک.
- بەکارهێنانی شکڵی ئەندازەیی.
- بوونی لێکچویی (زۆر دوبارەکردنەوەی شکڵ و هێڵ).

### بە باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :

- Abstract
- Clean and Minimalist
- Flat
- Professional / Corporate

### وشەی کلیلی:

- Minimal
- tech
- simpl
- internet
- flat

# 08 | ئەندازەیی



















# Grunge

# 09 | ستایلی گرونج

ئەم ستایلە هەندێ جار بە بەشێکی لاوەکی ستایلی کۆن دادەنرێت هەروەها هەستی (تاریکی، زبر، فێنک) دەبەخشێت و بەشێوەیەکی گشتی بە زبری و غەماوی یان دەرکەوتنێکی پارچە پارچەیی جیادەکرێتەوە،هەروەها بەستراوە بە ستایلی punk و gothic.

### تایبەتمەندی:

- بەگشتی ڕەنگی تاریک و تاک ڕەنگ بەکاردەهێنێت.
- بەگشتی هەستی تاریکی، زبر، ترسناکی، هەست بزواندن دەبەخشێت.

### بە باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :

- 3D
- Illustrated
- Masculine
- Typographic
- Vintage/ Retro

### وشەی کلیلی:


- Cool
- street
- gothic
- black
- graffiti
- T-shirt design

# 09 | گرونج


THE
WAY


JOHN DOE PAINTER
Phone: 008 659 864 4568
Address: London.Str.Baker 4
Website: www.website.com
Email: contact@email.com
JOHN SR.PAINTING
SINCE 1985


LOREM
LOREM
IPSUM
POSTER
DESIGN
Lorem ipsum / dolor sit amet / consectetur adipiscing


DARTH
VADER
STAR WARS
ROGUE ONE.


APACHE TRUCK CLUB
58 CHEVY 61


PSYCHO
MUTANTS
3 1/2




**Luxurious**

# 10 | ستایلی خۆشگوزەرانی/گرانبەهایی

ئەم سایلە بیرۆکەی ئەوپەڕی ئاسودەیی و خۆشی زیاتر دەدات وەک پێوانەیەک بۆ کامەرانی و خۆشگوزەرانی، بەکارهێنانی ڕەنگە دەوڵەمەندەکانی وەک ئاڵتونی و برۆنز یارمەتیدەرە بەدەستهێنانی ئەم جۆرە ستایلە.

**تایبەتمەندی:**

- بەزۆری ڕەنگی ڕەش، ئاڵتونی، برۆنز بەکاردەهێنرێت.
- بیرۆکەی ئەوە دەدات بەدەستەوە کە براندەکە کاریگەری تایبەتی هەیە، بە بەکارهێنانی دیزاینی سادە، فۆنتی کۆن، فۆنتی سادە، فۆنتی مۆدێرن.


**به باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :**

- Clean and minimalist
- Feminine
- Flat
- Masculine
- Vintage / Retro

**وشەی کلیلی:**

- Elegant
- Sophisticated
- Fashion
- Understated

# 10 | خۆشگوزەرانی/گرانبەهایی



# 11 ستایلی ڕونکردنەوەیی

ئەم جۆرە ستایلە سەرچاوە دەگرێت لە لیکدانەوە یاخود ڕونکردنەوەی بینایی بۆ (تێکست، چەمک، پرۆسە) ، ژمارەیەکی زۆر ستایلی دیزاین دەبنە بەشێکی لاوەکی لەم ستایلە وەک: هونەری وێناکاری، فۆتۆریالیزم.

## Illustrated

### تایبەتمەندی:

- بەگشتی وادەردەکەوێت وێنەکێشانێکی دەستی خاوی پێوە دیار بێت.
- وابەستەبوونی وێنەکێشانی گرافیک دیزاینەرانەی پێوە دیارە.

### بە باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :

- 3D
- feminine
- fun and playful
- grunge
- masculine
- organic and natural
- typographic
- vintage / retro

### وشەی کلیلی:

- T-shirt design
- sketch
- drawing
- tattoo
- art


# 11 | ڕونکردنەوەیی



















# 12 | ستایلی نێرینە / ڕەق

ئەم جۆرە ستایلە لە لای پیاوان سەرنج ڕاکێشە، لە وردەکاری ئەم ستایلەدا دەتوانرێت هێڵی ئەستور، بابەتی تاک ڕەنگ (سپی و ڕەش)، خامەی ڕەق، بەکاربهێندرێت .

## Masculine

**تایبەتمەندی:**

- دەکرێت فۆنتی قەراغ تیژ و سترۆکی ئەستوری تێدابێت
- دەکرێت وێنەی دڕ نمونەی(هەڵۆ، شێر)، ڕەمزی ئازایەتی تێدابێت
- دەکرێت ڕەنگی شین یان ڕەنگە تێرەکان بەکاربهێندرێت.

**بە باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :**

- 3D
- Grunge
- Illustrated
- Luxurious
- Professional / Corporate
- Vintage / Retro

**وشەی کلیلی:**

- Rugged
- outdoor
- classic
- modern

# 12 | نێرینه / ڕەق





Organic/natural

# 13 ستایلی ئەندامی / سروشت

ئـەم سـتایلە لـە شـێوازی سروشـتی هەڵقوڵیـوو لـە ڕاسـتیەوە وەردەگیرێـت و تایبەتمەندە بە هێڵـی بـەردەوام و چەماوەی داینامیکـی، ئـەم ستایلە دەکرێت بـە زیادکردنـی ئیفێکتـی باوبـۆران یاخـود خامـەوە هەسـتی پێبکرێـت.

### تایبەتمەندی:

- بەشێوەیەکی گشتی هەندێ توخمی سروشتی وەک: گوڵ، گەڵا بەرهەمی تازە، ڕەنگی سەوزی تێدا بەکاردەهێندرێت.
- دەکرێت لەگەڵ وێنەی ڕونکردنەوەیی دابنرێت بۆ دروستکردنی شێوازێکی ئەندامیی.

### به باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :

- Abstract
- Feminine
- Fun and Playful
- Illustrated
- Typographic
- Vintage / Retro

### وشەی کلیلی:

- Nature
- Rustic
- Handmade
- Illustration

# 13 | ئەندامی/سروشت



# 14 | ستایلی ڕاستەقینەیی

شێوازێکی وێنەی ڕونکردنەوەییە کە تیایدا گرافیک دیزاینەر هەوڵ دەدات ئەوەندەی کە بتوانرێت بە وردی لەگەڵ وێنە بنەڕەتییەکە یاخود فۆتۆکە بیگونجێنێت و نزیک بێت لێوەی.



## Photorealism

### تایبەتمەندی:

- جیادەکرێتەوە بە لاساییکردنەوەی وێنە بنەڕەتیەکە ئەوەندەی بتوانرێت.
- بەشێوەیەکی گشتی لەڕێگای سکێچی قەڵەمەوەیە، بەڵام سنوردار نییە.

### بە باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :

- 3D
- Feminine
- Grunge
- Masculine
- Organic
- Vintage

### وشەی کلیلی:

- Drawing
- Illustration
- Sketch
- Tattoo
- Art

# 14 | ڕاستەقینەیی



# 15 | ستایلی کۆمپانیا / پیشەگەری

ئەم ستایلە بە ڕەنگی کپکراو و کەمترین درێژە و وردەکاری بۆ دەربڕینی بیرۆکەیەکی پارێزگارانە جیادەکرێتەوە، ئەم جۆرە ستایلە نمونەییانە لە لایەن دامەزراوەکانەوە بەکاردەهێندرێت بۆ دروستکردنی تێڕوانینێکی فەرمی لای هەواداره بەئامانجگیراوەکانیان.

**Professional / corporate**

### تایبەتمەندی:

- بەکارهێنانی فۆنتی کلاسیک و مۆدێرنی ڕێک.
- بەشێوەیەکی گشتی شەیپ و تەنی سادە لەخۆدەگرێت.
- دەکرێت تێڕوانینێکی فەرمی پیشانبدات بە بەکارهێنانی بۆشایی سلبی و هونەری هێڵکاری.


### بە باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :

- Abstract
- Clean and Minimalist
- Geometric
- Masculine

### وشەی کلیلی:

- Business
- Formal
- Minimal Classic
- Simple

# 15 | کۆمپانیا / پیشەگەری






# Typographic

# 16 | ستایلی تایپۆگرافی

ئەم جۆرە ستایلە بە گۆڕانکاری و یاریکردن بە فۆنت و وشەکان دروستدەکرێت، کەتیایدا نوسین دەکرێتە خاڵی تەرکیز لە دیزاینەکەدا.

## تایبەتمەندی:

- نوسین و فۆنت خاڵی تەرکیزی دیزاینە.
- لەگەڵ دیزاینی تایپۆگرافیدا دەکرێت هەر تەنێک بەشداری پێبکرێت بەڵام هێشتا نوسین پەیامە سەرەکییەکە دەگەیەنێت.

## بە باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :

- Feminine
- Flat
- Fun and Playful
- Grunge
- Illustrated
- Organic and Natural
  Vintage / Retro

## وشەی کلیلی:

- Font
- Illustration
- Artistic

# 16 | تایپۆگرافی






# 17 | ستایلی دێرین/کۆن

## Vintage & Retro

ئەم جۆرە لە ئاڕاستە و ستایلی سەردەمی ڕابردووەوە وەردەگیرێت، نمونەی هەندێک لە ستایلە کۆنە بەربڵاوەکان وەک: ڤیکتۆریا(شێوازی زەخرەفەیی سەردەمی ڤیکتۆری) ستیم پونک(هۆنراوە بۆ سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی ١٩)، باوهاوس( بزوتنەوەی ستایلی مینیمالیست ١٩٢٠ - ١٩٣٠ز).

### تایبەتمەندی:

- توخمی لادێیانە و دڵتەنگی، وەک نیشاندانێکی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.
- زەخرەفەی شریتی و گوڵبەند وەک بیرخستنەوەیەک بۆ سەدەی ١٩
- بوونی ئاماژەی وەک : پیتی کۆن، فۆنتی کێشراو بەدەست ،زەخرەفە.


### به باشی ڕێکدەخرێت لەگەڵ :

- Flat
- playful
- grunge
- illustrated
- luxurious
- masculine
- organic
- typographic

### وشەی کلیلی:

- Rustic
- T-shirt design
- drawing
- illustration
- Vintage

# 17 | دێرین/کۆن


ARTISAN ALES
DIGGLES
Small Batch
PORTER
BRISBANE 1855
SINCE 1865
RETRO DESIGN
Premium
Banner Design
Original
LIMITED EDITION
THE
MAD BOTANIST
CORP.
CERTIFICATE
OF APPRECIATION
THIS CERTIFICATE IS PRESENTED TO
Name Surname
DATE
BEST AWARD
SIGNATURE
COMPANY NAME
www.lorem.com
Your Name
D
UNIQUELY.AZ
DRIVE
WOOD FIRED GRILL
SANTA MARIA STYLE

# بی گرافیک

بی گرافیـک پلاتفۆرمێکی تایبەتە بە فێرکاری گرافیک، کە کاردەکات بـۆ دابینکردنی باشـترین کۆرسـە فێرکارییـەکان بەزمانـی کوردی و دەوڵەمەندکردنی زمانی دایک.

www.beegraphic.co

سەرچاوەیەک بۆ فێربوونی گرافیک بە زمانی دایک.